# شۆڤینستیی شێخ عجیل یاوەر دیاری دەسەڵاتەکەی جۆرج بۆشە بۆ خەڵکی کوردستان

عرفان کریم

رووداوەکانی دوای جەنگی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا لە عێراقدا رۆژ لە دوای رۆژ پەردە لەسەر بیانۆ و ئیدعا پووچەکانی دەسەڵاتەکەی بۆش بۆ هەڵگیرساندنی ئەم جەنگە لائەبات , درۆکان وەکو شەستە باران بەسەر رامسفیلد و کۆلن پاول وتۆنی بلیردا دەبارێن و چەترە درۆیینەکانی (سی .ان.ان ) و (بی .بی .سی) کەوتوونەتە بەر رەشەبای راستی یە شاراوەکان و بەهەوادا چوون و توانایی پاراستنیان زۆر لاواز بووە بە فریایان ناکەون , نەچەکی بەکۆمەڵ کوژ دۆزرایەوە , نە توانیان بیسەلمێنن کە دۆستی دێرینی خۆیان سەدام حوسێنی خوێن رێژ هاوکاری تیرۆریزمی القاعدەی کردوەو یاخی بووە لێیان , وە نەتوانیان نموونەیەکی زۆر سادەش لە دیموکراتی یە پووچەکەیان نیشانی خەڵکی عێراق بدەن .

بە پێچەوانەوە کۆمەڵگای عێراق لەژێر دەسەڵاتی جەنگ و میلیتاریزمی راسترەوە کۆنەپارێزەکانی ئەمریکادا دووچاری کاولکاری و تێک وپێکدان ومالۆێرانییەکی بێ وێنە بۆتەوە لە مێژوودا.شارەکان و شوێنی ژیانی خەڵکی بونەتە مەیدانی کاری تیرۆریستی ئیسلامی یەکان وتەقینەوەی بۆمبەکان و بۆردومانی تانک و تۆپ و فرۆکە سەربازی یەکانی لەشکری ئەمریکا و رۆژانە دەیان کەسی بێتاوان دەبنە قوربانی ئەم جەنگە .

تا ئەوجێیەی بە خەڵکی کوردستان و مافە رەواکانی دەگەرێتەوە , ئەوە رۆشن بۆیەوە کە تەپوو تۆزی کەمپینی درۆ و چەواشەکاری ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لە ئاسمانی کوردستان وەلاچووە ئەمانە ئیتر ناتوانن راستییەکان بشێوێنن و رایبگەیێنن کەسیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا لەعێراقدا لە بەرژەوندی خەڵکی کوردستاندایە و ئەم سیاسەتە زەمانەتی پاراستنی مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکات ,نوێنەرانی ئەحزابی ناسیونالستیی کورد (یەکێتی و پارتی ) کە ئێستا لە حکومەتە دروستکراوەکەی دەستی ئەمریکا لە عێراقدا بەشداری دەکەن دووبارە بەم کارەیان لە پرۆسەی قایم کردنی دەسەلاتێکی ناسیونال شۆڤینست و ئیسلامی دا بەسەر خەڵکی عێراق وکوردستانەوە بەشداردەبن هەروەکو چۆن چەندین جار و لە چەندین دەورانی زۆر سەختدا فریای رژێمی بەعس کەوتن , لێدوانەکانی شێخ عەجیل یاوەر یەکێک لە سەرۆکەکانی حکومەتەکەی عەلاوی لە کەنالی تەلفزیۆنی العربیە وە سەبارەت بە

ناساندنی خواستی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەو سەربەخۆیی بەکارێکی تێکدەرانەو دژ بە بەرژەوندی عێراق ویەکپارچەییەکەی بەڵگەیەکی ترە لەسەر دژایەتی کردنی ئەمریکا وحکومەتەکەی عەلاوی لەگەڵ خەڵکی کوردستان , داسەپاندنی حکومەتێکی کۆنەپەرست وشۆڤینیست بەسەر خەڵکی عێراق وکوردستانەوە لە لایەن ئەمریکاوە و بەرگرتن بە خواستی خەڵکی کوردستان لەدیاری کردنی چارەنوسی خۆیاندا لە رێگەی ریفراندۆمێکی جەماوەری دا و بەرەسمی نەناساندنی ئەم مافە بۆ خەلکی کوردستان و سپاردنی دوارۆژ و چارەنوسی سیاسی کوردستان بە ئاییندیەکی نادیار و لێل و هەروەکو چۆن لە دوای جەنگی یەکەمی کەنداودا لەساڵی **1991** ئەنجامی داوە تاوانێکی تری دەسەڵاتەکەی جۆرج بۆشە و پێویستە بەری پێبگیرێت و ریسوا بکرێت .

**10.10.04**

**کۆلن _ ئەڵمانیـا**